## بانگەواز

ئێمە کۆمەڵێك یاساناس ونیشتیمان پەروەرین لە ناوەوە ودەرەوەی کوردستان. لە هەست کردنمان بە بەر پرسیارەتی وداهاتوویەکی گەش بۆ وڵاتەکەمان بە پەسندی دەزانین دەست بکەین بە کۆکردنەوە و بە دۆکیومێنت کردنی هەموو ئەو سەرپێچیە یاسایانەی کە لە کوردستان ئەنجام دراون، هەر لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنی کابینەی یەکەمی حکومەتی کوردستان تا ئەمڕۆ وداهاتووش.

بۆ ئەوەی یاسا سەروەر بێت کەس مافی ئەوەی نەبێت کە بە ویستی خۆی یاری بە سەروەت وسامانی گەلی کوردستان بکات لە گشت داهاتە ئابووریەکانی کوردستان وهەروەها زەوی وزاری میری وتاپۆ کردنیان لەسەر ئەم وئەو.

بۆ ئەم مەبەستەش دەخوازین:

.1داوا لە دڵسۆزانی گەلەکەمان لە پارێزەر ومافناس ویاسا ناس وفەرمانبەرە میرییەکان دەکەین دەست بکەن بە کۆکردنەوەی ئەو بەڵگەنامانەی کە دەیسەلمێنن سەرپێچی یاسایی کراوە. بۆ ئەوەی ئێمەش هەڵسین بەرۆڵی خۆمان بۆ پێك هێنانی دۆسێی تایبەت بە مەبەستی دادگایی کردنی سەرپێچی کەران لەهەر ئاستێك دابن.

.2داوا لە هەموو دڵسۆزێکی گەلی کوردستان دەکەین کە هاریکاریمان بکەن بۆ کۆکردنەوەی ئەو بەڵگەنامانەی کە ئاماژە دەکەن بە ڕوودانی سەرپێچی یاسایی.

.3داوای تایبەت ئاڕاستەی کەسایەتی نیشتیمانی ورۆشنبیری وکۆمەڵایەتی گەلەکەمان دەکەین پشتیوانی خۆیان نیشان بدەن بۆ ئەم بانگەوازە چونکە بە بڕوای ئێمە ئەم هەنگاوە بەردی بناغەیە بۆ دروست کردن وبەرقەرار کردنی دەوڵەتی یاسا وچەسپاندنی پرنسیپی یەکسانی لە ئەرك ومافدا.

ئێمە ئەم کارەمان بە مەبەستی هاتوهاوار وگڕ وگڤ نییە وبەدوای پڕوپاگەندەی ڕاگەیاندن ناگەڕێین. تەنانەت تۆمەت ناخەینە پاڵ هیچ کەس ولایەنێکیش. ئێمە تەنها بەدوای ڕاستیەکاندا دەگەڕێین ومەبەستمانە یاسا بەرقەرار بێت.

پارێزەرانی گەلی کوردستان
13.12.2007
parezaranigk@yahoo.com